# لەسەرۆکی ی ن ک وە بۆ سەرۆکی عیراق

کاروان کریم

بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرەک کۆماریی مام جەلالەوە،بە هاوکاری و پاڵپشتی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ی ن ک ،ماوەی چەند ڕۆژێکە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان و وولاتانی دەرەوە دا ،بەزم و شایی و ئاهەنگ گێڕانە.

پێش هەر قسەکردنێکم لەو بارەیەوە من خۆم بە بەشدار و بەشێک لە هەموو خۆشی و ناخۆشی یەکانی ئەم میللەتە دەزانم و وە لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم چەند قسەیەکی لە بارەوە بکەم.

تەنها بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و کەم لەڕابردووی کارەکانی مامەو هەموو مامەکانی تری سەر کردایەتیی سیاسی بزووتنەوەی کورد، لە بەرامبەر ئەو هەموو خەبات و قوربانی دانەی ئەم میللەتە کە مام جەلال و سەر جەم مامەکانی تری گەیاندووە بە کۆشکی شاهانە و ئەم خۆش مقامی یەی ئێستاکەیان،لەجێگەی پاداش و دەست خۆشانە و وەلامدانەوە بە داواکاری و پێویستی یەکانی خەڵکی کوردستان، پێچەوانەوەی ئەمە، مێژووی کارو هەڵسوڕانی ڕابردووی مامەکان، جگە لە نەهامەتی و جەنگی ماڵ وێرانە و شەڕ و کوشتارو کاولکاری دوو بەرەکی نانەوە لە ڕیزەکانی ئەم میللەتەدا نەبێت،چی تر بووە؟!

مێژووی ڕەش و شومی ئەمانە لە کەس شاراوە نی یە، بە تەماشا کردنێکی ئەو ڕابردووە یان ،هەموو کەسێ دەتوانێ کارەکانی ئێستا و ئایندەشیان دیاری و دەست نیشان بکات وهەلوێستگیری لەبارەوە بگرێت.

ئامانج لە بەشان و باڵ پیا هەڵدان و بەرزکردنەوە و بە پیرۆزی کردنی مامەی سەرەک کۆمار و مامەکانی تر. شتێک نی یە جگە لە دامرکاندنەوەی خەباتە خەملیو و هیواگرگرتووەکانی کورد نەبێت، لەم قۆناغەی ئێستاکەیدا.

گەر سەرنج بدەینە بەشی پێشوو تری شانۆگەری یەکە ،لە کاتێکدا کە یاوەر و حکومەتە داش و دامەکەی ئەمریکا،لە بەرامبەر خواستەکانی میللەتی کورد و لەژێر زەخت و فشاری بزووتنەوەکانی ڕیفراندۆمدا وەستانەوە و دواتر بە چۆکا هاتن و پاشەکشەیان کرد ،ئەوا بەشی ئەم جارەی شانۆگەری یەکە شێوازێکی ترە و داشی دامەکان بە جۆرێکی ترەو لە جێگای سەرۆکی فەرماندەی پێشوو شێخ یاوەر،شێخ تاڵەبانی یە خوا بیان پارێزێ،ئامانج لەم کارەش ،پێکانی دوو نیشانەیە:

ـ لەلایەک ئاو کردنە بەسەر ئاگرە گڕگرتووەکەی کوردا و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی ئێستاکەیەتی بێ گرێ وگۆڵە وشایی و هەڵپەرکێ کەشی لە سەر حیسابی خۆیەتی .

لە لاکەی تریشەوە لەمەش کاریگەر تر،خۆشحاڵی یەکانی ئەمریکا بە تاڵەبانی وەک کوردێکی سەرەک کۆمارلە عێراقی عربی و زێباری وەک کوردێکی وەزیری دەرەوەی عێراق و قورسایی و کاریگەری یەکانی لایەنی کوردی لەم حکومەتە نوێ یەی عێراقدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا تێکوپێکدانی

ڕیزەکانی یەکێتی ئومەی عربی و درزوو کەلێن خستنە پەیوەندی و قولبوونەوەی قەیرانە جۆراو جۆرەکانێتی.

سەبارەت بە میللەتی کورد، گەر تا دوێنێکە ئەم میللەتە جارە نووس نا دیارە، بۆ دیاری کردنی جارە نووس و خواستەکانیان ،ڕژانە نێو بازاڕ و سەر شەقامەکان و لە چوار چێوەی بزووتنەوەکانی ڕیفراندۆما هاتنە مەیدان وبە هێزوو پاڵپشتی دوو ملیۆن ئیمزاوە ئەچوونە بەغدا و لای وەلاتانی بڕیار بە دەست ، یاخود لەبەر دەمی سەندوقەکانی دەنگدان دەنگیان بە جیا بوونەوە و سەر بەخۆیی کوردستان داو قورسایی و کاریگەری یان لەسەر

**ناوەندەکانی بڕیار و ڕای گشتی ناوەوە و جیهانی دروستە کرد ، ئەوا ئەم کەڕەتە ئەم دارەشی لەدەست کەوتە خوارەوە و لەمە بە دواوە، قەرزار باریشت دەکەنەوە ودەڵێن کاکە تۆ گێرە شێوێنی و دەتەوێ ئەم زروفە زێڕینەمان لێ تێکدەیت ئەوەتا ئێستاکە ئێمە خۆمان نەک تەنیا سەرۆکی ڕێکخراوەیەکی بچوکی وەک ی ن ک و یاخود تەنیا میری سلێمانی و یا شارەکانی تری کوردستان و یاخود نەک تەنیا خاوەنی چوار پێنچ ملیۆن خەڵکی کوردستان هەین، بەڵکوو ئەوەتا هەر خۆمان سەرۆکی بەغدای پایتەخت و کۆشکی شاهانە و جڵەوی دەسەڵات وخاوەنی تەواوی کۆمەڵگەی عێراق و زیاتر لە بیست و پێنچ ملیۆن ئینسان و هەموو سەروەت و سامانی عێراقیش کەوتۆتە دەستی خۆمانەوە لەو خوایە بە زیاد بێت ،ئا لێرەوە ئەکەوێتە بەر شەق و شاڵاوی هێزەکانی ئاسایش و گاردەکانی مامەی کۆماری یەوە، خوا بی پارێزێ.**

**ـ هەر لە گەڵ دەست بە کار بوونی مامەی سەرەک کۆماری کورد،کە سەرنج بدەینە قسە و باس و لێدوانەکانی ، ڕاستی یەکان خۆیان ئەدوێن و هەر لە گەڵ هەنگاوی یەکەمی سەرەتای کارەکانیدا ،ڕووی دەمی پەیامەکانی ڕاشکاوانە بۆ سەر خەڵکی کوردستانە.**

**تاڵەبانی لە لێدوانێکیدا بۆ{ لیبراسیۆنی فەرەنسی کە پەیامنێر بڵاوی کردۆتەوە} دەڵێ:**

**{کوردستانی سەر بە خۆ تواناى ژیانی نابێت} . {کورد لە هەڵبژاردنەکان دەنگیان بۆ ئێمە دا کە داوای**

**فیدرالییەتیان لە چوار چێوەی عێراقدا کرد، نەک سەر بە خۆیی}.**

**ئیتر ئەمە هیچ شک و گومانێکی تیا ناهێڵێتەوە ئەو قسانەی تاڵەبانی، ئەگەر یاوەر و عەلاوی و عامر و زێد بیانکردایە،نەک بە تەنیا ڕۆشنبیرانی کورد،بەڵکوو هەموو کورد و کوردستان هەر وەک کورەی هەنگ دەڕژانە سەر شەقامەکان و دنیایان لێ پڕ دەکرد،ئەی بۆ بۆ تاڵەبانی کەس فزەی لێوە ".نایە"**

**بە مێژووی جولانەوەی خەبات و قوربانی دانی میللەتی کورد،هەمیشە لە پێناوی ڕزگاری بوون لە دیلێتی و جیا بوونەوە و سەر بە خۆیی کوردستان بووە و مامە بۆ خۆی زۆر باش ئەو ڕاستییە دەزانێت، کاتی هەڵبژاردەکانیش خەڵکی کوردستان دەنگیان بە جیا بوونەوەی کوردستان دا نەک شمالنا الحبیب؟؟؟!!!**

16/04/05